# بانكى پرسيار

## (رەخنەی ئەدەبی ـ تیۆری)

## قۆناغی سێیەمی بەشی زمانی كوردی

١. رەخنەی ئەدەبی چییە؟
٢. چەمكی رەخنەی ئەدەبی چییە؟
٣. ئەركەكانی رەخنەی ئەدەبی چین؟
٤. مەبەست لە خوێندنی رەخنەی ئەدەبی چییە؟
٥. پێناسەی بەرهەمی ئەدەبی بكە؟
٦. ئایا رەخنەی ئەدەبی زانست و هونەرە بەیەكەوە، روونی بكەرەوە؟
٧. رەخنەی ئەدەبی پێش ئەفلاتون باس بكە؟
٨. ئەو لیژنەیەی كە لە جەژنەكانی یۆنان دامەزرابوو بۆ هەڵسەنگاندنی بابەتی ئەدەبی كاریگەری لەسەر هەبوو، ئەو كاریگەرییانە چین؟
٩. سەرەتای سەرهەڵدانی رەخنەی ئەدەبی لای یۆنانییەكان باس بكە؟
١٠.جیاوازی لەنێوان (ئەسخیلۆس) و (یورپیدس) لە شانۆی یۆنانی چییە؟
١١.گرنگترین ئەنجامەكانی شانۆگەری (بۆق)ی ( ئەرستۆڤانیس) كامانەن؟
١٢. ژیانی سوقرات وەكو رابەرێكی رەخنەی ئەدەبی باس بكە؟
١٣.ئەو سێ كەسایەتییە كامانەن كە بەهۆی سكاڵای ئەوانەوە سوقرات لە سێدارە درا؟
١٤.ئەو تۆمەتانەی كە ئاراستەی سوقرات كرا تا لە سێدارە بدرێت، چین؟
١٥.تیۆرەكەی سوقرات كە ناوی (زانین)ە، خاسیەتەكانی چین؟
١٦.ئەو سێ جیهانە كامانەن كە سوقرات بەهۆیەوە شاعیرانی پێ تۆمەتبار كرد بە نەزان و درۆزن؟
١٧.بەكورتی ژیاننامەی ئەفلاتون باس بكە؟
١٨.گرنگترین بەرهەمەكانی ئەفلاتون كامامەن؟
١٩.لە گفتوگۆی ئەیۆندا ئەفلاتون بۆچی رۆڵی بەڕێوەچوونی گفتوگۆی بە(سوقرات) داوە؟

٢٠.له كتێبی (ئەیۆندا) ئەفلاتون چۆن باس له سەرچاوەی شیعری دەکات؟
٢١. ئایا لەباسکردنی شیعردا، ئەفلاتون کەوتۆتە ژێر کاریگەری مامۆستاکەی (سوقرات)؟ چۆن شی بکەرەوە؟
٢٢. کتێبی کۆماری ئەفلاتون چۆن باسی شاعیران دەکات؟
٢٣.ئەو هۆکارانە چین کە ئەفلاتون شاعیران له کۆمارە نمونەییەکەی دەردەکات؟
٢٤.لاساییکردنەوە بەلای ئەفلاتون چییە؟
٢٥.ئەفلاتون رای لەسەر زانیاری شاعیرانەوە چییە؟
٢٦.بیروڕایەکانی ئەفلاتون لەبارەی رەوشتەوە چین؟
٢٧. ئەفلاتون چۆن دەڕوانێتە ئیلهام؟
٢٨. ئایا ئەفلاتون بە تەواوەتی شیعر و شاعیری رەتکردەوە؟ ئەگەر بەتەواوەتی رەتی نەکردۆتەوە، چۆن قبولی شیعر و شاعیرانی کردووە؟
٢٩.بەکورتی ژیاننامەی ئەرستۆ باس بکە؟
٣٠.بۆچوونی ئەرستۆ لەبارەی لاساییکردنەوە چییە؟
٣١. بەرای ئەرستۆ شاعیر بە سێ جۆر لاسایی کردەوەکان دەکاتەوە، ئەو سێ جۆرە کامانەن؟
٣٢.ئەرستۆ هەمان بیروڕایەکانی ئەفلاتون لەبارەی لاسایکردنەوەی هەیە، بەڵام له وردەکارییەکاندا جیاوازە، ئەمە لێکبدەرەوە؟
٣٣. ململانێی نێوان شیعر و فەلسەفە بەڕای ئەفلاتون و ئەرستۆ چییە؟
٣٤.سەرهەڵدانی شیعر بەلای ئەفلاتون و ئەرستۆ چییە؟
٣٥.ئەرکی شیعر بەلای ئەرستۆوە چییە؟.
٣٦.تراژیدیا چییە و واتای چی دەگەیەنێت؟
٣٧.بەکورتی باسی ژیانی هۆراس بکە؟
٣٨.لەبەر چی هۆراس ئەدەبی هەلبژارد کاری تێدا بکات؟
٣٩.کتێبی هونەری شیعری هۆراس باس لە چی دەکات و کاریگەرە بەکێ؟
٤٠.بۆچوونەکانی هۆراس لەبارەی رەخنەی ئەدەبی کامانەن؟
٤١. هۆراس دەڵێت : هەر بابەتێك دەبێ شێوازی تایبەتی خۆی هەبێت، ئەمە لێکبدەرەوە؟
٤٢.هۆراس یەکەم کەس بووە مەرجی کلاسیزبوونی لەگەڵ مەرجی گەڕانەوە بۆ کۆن گرێداوە، ئەمە شی بکەرەوە؟

٤٣. میتۆد چییە؟
٤٤. میتۆد وەکو زاراوەیەك پەیوەستە بە چەند شەپۆلێکی زانستییەوە، ئەو شەپۆلانە چین؟
٤٥.چەمکەکانی میتۆدی رەخنەیی کامانەن:
٤٦. میتۆدی مێژوویی چییە؟ باس لە چی دەکات؟
٤٧.هۆکارەکانی سەرهەڵدانی میتۆدی مێژوویی باس بکە؟
٤٨. ئاراستە هزرییەکان میتۆدی مێژوویی چین؟
٤٩.بیروڕایەکانی رەخنەگری فەرەنسی (هیبۆلد تین) لەبارەی رەخنەی ئەدەبییەوە چین؟
٥٠.بیروڕایەکانی رەخنەگری فەرەنسی (گۆستاف لانسۆن) لەبارەی رەخنەی ئەدەبییەوە چین؟
٥١. میتۆدی کۆمەڵایەتی چییەو چۆن دەڕوانێتە ئەدەب؟
٥٢. ( مەزندەی سەردەمە درێژەکانن) چییە و کێ دایهێنا و چارەسەری چی دەکات؟
٥٣. بزووتنەوەکانی میتۆدی کۆمەڵایەتی لەبارەی ئەدەب چین ،باسیان بکە؟
٥٤.ئاراستەی چەندێتی لە میتۆدی کۆمەڵایەتی چییە؟
٥٥. ئاراستەی چۆنێتی لە میتۆدی کۆمەڵایەتی چییە؟
٥٦. ئاراستەی زانستی کۆمەڵایەتی دەق چییە؟
٥٧.میتۆدی دەروونی چییە و باسی چی دەکات؟
٥٨.بیروڕایەکانی فرۆید لەبارەی ئەدەبەوە چییە؟
٥٩.بیروڕاکانی (یۆنگ) لەبارەی ئەدەب چییە؟
٦٠. بیروڕاکانی (نۆرترب فرای) لەبارەی ئەدەب چییە؟
٦١. زیرەکی دروستکراو چییە؟
٦٢. میتۆدی بونیادگەری چییە؟
٦٣.بیروڕاکانی زمانەوانی سویسری (دی سوسێر) لەبارەی رەخنەی بونیادگەرییەوە چییە؟
٦٤.بیروڕاکانی زمانەوان(رۆمان جاکبسۆن) لەبارەی رەخنەی بونیادگەرییەوە چییە؟
٦٥.بنەماکانی بونیادگەری چین؟
٦٦. جیهانبینی وەکو بنەمایەکی بونیادگەری چییە؟
٦٧. تێگەیشتن و راڤەکردن، وەکو بنەمایەکی بونیاتگەری واتایان چییە؟
٦٨.وشیاری کردەیی و وشیاری شیاو، چین؟
٦٩.بونیاتی دەلالی واتای چییە؟

**٧٠.میتۆدی شێوازی لە ڕەخنەی ئەدەبی چییە؟**

**٧١. ئەو پێناسانەی کە بۆ ڕەخنەی شێواز هەن، لە سێ کۆمەڵدا پۆلین کراون، ئەو سێ کۆمەڵەیە کامانەن؟**

**٧٢. میتۆدی سیمۆلۆژی چییە؟**

**٧٣.زاراوەی سیمۆلۆژیا چییەو بیروڕایەکانی چین؟**

**٧٤.هێماکانی سمیۆلۆژیا چین دیارییان بکە؟**

**٧٥.هیڵکارییەکەی (جاکۆبسۆن) لەبارەی سیمۆلۆژیاوە چییە؟**

**٧٦. جیاوازی لە نێوان میتۆدی مێژووی و میتۆدی کۆمەڵایەتی چییە؟**

**٧٧. میتۆدە کلاسیکییەکان چین و بۆچی گرینگی بە نووسەر دەدن؟**

**٧٨. میتۆدە مۆدێرنەکان چین و بۆچی گرینگی بە دەق دەدەن؟**

**٧٩. میتۆدە پۆست مۆدێرنەکان چین و بۆچی گرینگی بە خوێنەر دەدەن؟**

**٨٠. جیاوازی لەنێوان میتۆدی بینادگەرەکان و هەڵوەشاندنەوە چییە؟**

**٨١. کاریگەری میتۆدە پۆست مۆدێرنەکان لەسەر خوێنەر چییە؟**